سەرۆک کەمار پێشوازی لە داواکاری گشتیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە"لەتیف جەمال ڕەشید" سەرۆک کەمار،جێختی لەسەر پێویستی دەنیابوون لە لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش کرد لە ڕێگەی کەکردنەوە و بەڵگەنامە و دیکومێنتەکان. سەرۆکایەتی کەماری کەمار لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەمڕۆ یەکشەممە"لەتیف جەمال ڕەشید" سەرۆک کەمار، لە کۆشکی بەغدا پێشوازی لە "کەریم ئەحمەد خان" داواکاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و وەفدی یاوەریکرد. لە میانی دیدارەکەدا سەرۆک کەمار دووپاتی کردەوە کە عێراق تووشی هەرشەکی تیرۆریستی دەندانە بوو لەسەر دەستی داعش،لەو ماوەیەدا قۆزۆنترین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامداوە،بەتایبەت ئەو کارەساتەی کە ئێزیدییەکان تووشی بوون، هەروەها تاوانەکانی ژەمی دیکتاتۆری پێشو لە هەڵەبجە و ئەنجامدانی ئەنفال و گەڕە بەکەمەکانی باشووری وڵات، هەروەک جێختی لەسەر پێویستی دەستبەرکردنی لێپرسینەوە کردەوە لەم پێشلکاریانە لەسەر ئاستی مرۆیی و کەمەڵایەتی. بەپێی بەیاننامەکە سەرۆک کەمار ئاماژەی بە گرنگی یەکخستنی ڕاستەقینەی هەوڵەکان کرس بە ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانەی کە منداڵان و ژنان و بەساڵاچووانی کردە قوربانی . لای خۆیەوە کەریم ئەحمەد خان باسی لە کارەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کرد لە درێژدان بە لێکۆڵینەوە لە کردەوە تیرۆریستییەکان